کورتە چیرۆک



موعتەسەم ساڵەیی

# لەبیرچوونەوە



شتێک هەیە کە گرینگییەکی زۆری بەلامەوە هەیە، بەڵام هەرچەند دەکەم دەکۆشم نایەتەوە یادم، یاد و بیروهۆشم وەها کول بوونە تەنانەت خەریکە ناوی خۆیشم لەبیر دەچێتەوە.. چەند رۆژێک لەمەوبەر چووم بۆ دایەرەی شارەوانی بۆ جێبەجێکردنی کارێکی تایبەتی، لە نێو باخچەکەدا لەسەر چایەرەکە لێی راکشابووم جلەوی خەیاڵ و ئەندێشەم لێ شل کردبوو، چاوەڕوانی ئەوەیشم دەکرد کە ناوم بخوێننەوە و کۆتایی بە کارەکەم بێت،

خەڵکێکی زۆریش کۆمەڵەیان بەستبوو ئەوانیش وەکو من چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە یەک لە دوای یەک ناویان بخوێنرێتەوە و فایلەکانیان بدرێتەوە دەست، وەها نوقمی خەیاڵ بووبووم کە ئاگام لە دەوروبەری خۆم بڕابوو، لەپڕ کابرایەکی ناسیاو شانی راتەکاندم داوای لێ کردم کە راپەڕمە سەرپێ، چونکی وەک بۆم دەرکەوت بۆ چەند جارێک ناوم خوێندرابووەوە و ئاگام لێ نەبوو..

ئێستاش ئەوەتا ورد ورد رادەبرم شتێکی گرینگ مێشکمی وروژاندووە و هەرچەند دەکەم ئەو شتەم ناکەوێتە بیر، زۆر لە خۆم دەکەم مێشکی خۆم دەگوشم بۆ ئەوەی بیهێنمەوە یادم بیخەمەوە پێشی چاوی خۆم، بەڵام هەموو هەوڵدانێکم بێ سوود و بێ ئاکامە.. ئای خوای گەورە لەم بەدبەختی و چارەڕەشی و کۆڵەوارییەم. دەبێت ئەو شتە چی بێتو کەی بکەوێتەوە بیرم!؟

بەسەر شۆستەکەوە بە سستی هەنگاو دەنێم رێ دەبڕم، نەخۆشییەکەیشم سەرباری هەمووی زۆر سەخڵەتی کردووم بە زەحمەت هەناسەم دێت و دەچێت، گەر یەکێک بەم حاڵەوە بمبینێت دەبێت چۆن بێمە پێش چاوی..! لەوانەیە لەبەرخۆیەوە بڵێت کابرا عەقڵ و هۆشی لە دەست داوە و بێ هوودە نازانێت بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت!؟ بەڵام نا.. ئەوەی راستی بێت هەموو خەڵکی دەوروبەرم ئەوانیش هەروەکو من سەریان لێ شێواوە و بەرداشی قورسی ژیانی سەردەم بێبەزەییانە دەیانهاڕێت. ئەوانیش من ئاسایی بێ هوودە بەرەو شتێکی ونبووی نەزانراو هەنگاو دەنێن.. بە کورتییەکەی هەریەکەو گیرۆدەی داوی کێشەیەکە، هەروەک پەروانە بە دەوروبەری تیشکێکی گەرم و بەتیندا دەخولێنەوە تاوەکو لە ئاکامدا پەڕوباڵیان هەڵدەپڕووکێت.. گوایە دەبێت پەپوولە بۆچی بە دەوروبەری تیشکدا بخولێتەوە؟ دوور نییە ئەویش وەک ئێمە بە دووی شتێکی نادیاری لەبیرچووەوەدا وێڵ بێت! بەو شێوەیەش بێ پەروا بە دەوروبەری چرادا بخولێتەوە تاوەکو پەڕوباڵەکانی لە ئاکامدا هەڵبپڕووکێن..

لە پڕ ئەوەتا برادەرێکم لە بەردەمدا لێ قیت بووەوە بە پێکەنینەوە وتی:

– ئای براله.. بۆچی ئاوها بێ هوودە خۆت وێڵ کردووە.؟ بە بێ ئاگادارییەکی تەواوەوە هەنگاوی خاو و خلیسک دەنێیت!؟ زۆری نەمابوو پێشتر ئۆتۆمبیلێک لێت بدات.!

بە خەمباری و کەساسییەوە تەماشام کردو ئەوجا بزەیەکم بۆ کرد و وتم:

– ئەوەی راستی بێت هەست بەوە دەکەم شتێکی زۆر گرینگی ژیانی رۆژانەم هەیە کە لە دەستم رایکردووە و ناکەوێتەوە یادم.. هەرچەند سەر دەهێنم و سەر دەبەم ئەو شتەم ناکەوێتەوە بیر..

هەر کە برادەرەکەم گوێی لە قسەکانم بوو، لێم وردبوەوەو تەماشایەکی قەد و بالآی کردم، ئەوسا دایە قاقای پێکەنین.. بە پێکەنینەکەی وەڕس بووم، یەکسەر رەنگ و روومی خوێندەوە، وەک بۆم دەرکەوت نەیویست بە روویدا بتەقێمەوە و سەرزەنشتی بکەم، بۆیە بە پەلە پێی وتم:

– ئەو شتەی کە لە بیرت چووەتەوە و نایەتەوە یادت، من دەزانم چییە!.

– من خۆم ماوەیەکی دوورو درێژە بە بێ ئەنجام بیری لێ دەکەمەوە هیچم بە دەست نەهێناوە، ئەی گوایە داخۆ پێم نالێیت تۆ چۆن بەم دەست بردە پەییت پێ بردو دۆزیتەوە!؟

گورج دەستی درێژ کرد و هەردوو یاخەی کراسەکەمی گرت و وتی:

– ئەوەی لە بیرت چووەتەوە ئەوەتا بە بەرچاوی منەوەیە و بە باشی دەیبینم، گەر بێتو لە ئاوێنەوە تەماشای خۆت بکەیت بۆت دەردەکەوێت کە دوگمەکانی کراسەکەت بە هەڵە گرێ داوە.. یەخەکانت یەکێکیان سەری کردووە و ئەوی تریان خواری کردووە!.

برادەرەکەم لە قسەکانی بووەوە و بە پێکەنینەوە لێم دوورکەوتەوە، منیش هەر ئەوەندەم بۆ کرا دەستبەجێ شوێنی دوگمەکانی کراسەکەم راست بکەمەوە و لە جێی خۆیاندا گرێیان بدەم، گرێدانی دوگمەکان بابەتی شتە لە یادچووەکەم نییە، خۆزگە خۆی بوایە و کێشەکەم کۆتایی پێ دەهات لە دڵە کوتێ و راڕایی رزگارم دەبوو... کەوتمەوە نێو ئەندێشەوە و سەرلەنوێ خەیاڵ بردمییەوە. داخی گرانم ساڵانی زوو بە بیرتیژی ناوبانگم دەرکردبوو، هەموو ورد و درشتێکی سەربردە و رووداوەکانم بەباشی وەسف دەکرد، کەچی ئێستا شتێکی هاکەزایی رۆژانەم لێ بووەتە قوڵلەی قاف و بەرامبەری دۆش داماوم.. با بیرو هۆشی خۆم زیاتر بگوشم تاوەکو شتە لە بیرچووەکەم بێتەوە یاد.. بە نیسبەت پارەی مانگانەی دایەرەی ئاو و کارەباکەوە لە بیرم نەچووە و لە کاتی خۆیدا پارەکەم گەیاندووە.. پارەی کرێ خانووەکەیشم هەر لە کاتی خۆیدا گەیاندە دەستی خاوەن خانووەکە بۆ مەسەلەی قەرزەکەیش هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە کە بیدەمەوە بە دەستی خاوەنەکەی. خاوەنی خانووەکەیشمان گازندەی بەرز کردووەتەوە و دەیەوێت لە خانووەکە دەربچین و

بگوازینەوە، بەڵام رۆژی دادگاییکردن هێشتا زۆری ماوە.. با باش بیر بکەمەوە و بزانم چ گێرمە و کێشەیەکی تریش لە ئارادایە و بە توندی یەخەمی گرتووە!؟ ماوەیەکە براکەم لە لایەن بەعسییەکانەوە گیراوە.. بەڵام ئەمیشیان هەر شتە لە بیرچووەکەم نییە، چونکی رۆژی هەینی دەبێت سەری لێ بدەم.. ماڵەوەیش داوای بازارییان لێ کردووم بە نیوەچڵی بۆیانم جێبەجێ کرد.. ئای چەند کڵۆڵ و بەدبەخت و چارەڕەشم.. وەها چاکە زیاتر بیر بکەمەوە و بزانم چی ترم لە یاد چووە.. بڕیارم داوە سەر لە خەزوورم بدەم کە لە نەخۆشخانەدا راکشاوە، ئەمیشیان هەر خۆی نییە، چونکی سبەی کات و وەختی دیدەنییەکەی بەسەرکردنەوەکەیەتی.. ئەی هاوارم هەیش.. بەم نەخۆشییەی خۆمەوە ئەوەندەم بیرکردەوە وا خەریکە ماندوو و شەکەت دەبم لە پەل و پۆ دەکەوم.. بەڵام چارم ناچارە و دەبێت هەرچۆنێک بووبێت ئەو شتە ونبووە بدۆزمەوەو بیخەمەوە بیری خۆم.. کوڕە بچکۆلەکەم داوای لێ کردم دوو دەفتەری بۆ بکڕم، کچەکەیشم پێی رایگەیاندم کە پێڵاوەکانی دڕاون، بەڵام پێم وتن کە پێویستە داواکارییەکەیان دوابخەن چونکی ئێستا پارەم بە دەستەوە نییە، خۆیشم پێڵاوەکانی پێم لە تەنیشتەوە کونیان تێ کەوتووەو ژێرەکەیشیان سوواون و وەهای بەباش دەزانم سەبر بکەم لە ئێستاوە فڕێیان نەدەم.. پسوولە و جزدانی گیرفانیشم هەڵگرتووە و لە ماڵەوە فڕێم نەداون.. کەمالی برادەریشم گەلێک ناسۆری و خەم و خەفەتی چەشت و بەعسییەکان چوونە خوێنی و کوشتیان.. ئەمیشیان هەر مەسەلەکەم نییە، چونکی لە کاتی خۆیدا چووم بۆ پرسەکەی و سەرەخۆشیم لە دایکە کڵۆڵەکەی کرد.. منیش سەرئەنجامەکەم هەر وەکو کەمالی برادەرم دەبێت.. با بەم نەخۆشی و ناساخییەوە ئەوەندە زۆر لەخۆم نەکەم بەم رادەیە بیر نەکەمەوە.. هەموو هەوڵ و کۆششێکم بێ سوودن بە هیچ ئاکامێکی چاوەڕوانکراوم ناگەیەنن و هیچ شتێکی بە کەڵکم بەچنگ ناکەوێت.. لە هەمووی چاکتر وەهایە کە ملی رێ بگرمەبەرو بەرەو ماڵ بکەومە رێ.. تووشی سەرەگێشکە بووم خەریکە بەلایا بێم و بکەوم هەرچییەکم خواردووە هەمووی هەڵبهێنمەوە.. لەش و جەستە و مێشکم ماندوو و شەکەت بوونە.. لە ئاکامی بیرکردنەوەی زۆردا خەریکە مێشکم بتەقێ.. هەنگاوە سست و خاوەکانم گەیاندمیانە نێو حەوشەی ماڵەکەمان.. هەر کەسێک لە دوورەوە چاوی پێم بکەوتایە هەستی بە شپرزەیی و بێ ئۆقرەیی و نائارامیم دەکرد، دایکی منداڵەکانم لە نێو حەوشەکەدا بە وردی دیقەتی دام

ڕەنگ و ڕووی خوێندمەوە و نیگەرانی دایگرت و لێم هاتە پێشەوە و پێی وتم:

– پیاوەکە بۆچی ئاوەها شێواویت و ڕەنگ و ڕووت هەڵبزڕکاوە!؟.

توانای ئەوەم نەبوو دەست و برد وەڵامی بدەمەوە، هەر ئەوەندەم بۆ کرا خۆم بهاومە سەر کورسییەکی نێو حەوشەکە و لەسەری دابنیشم.. ژنەکەم بۆ جارێکی تر پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، ئەوسا هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و وتم:

– لێم گەڕێ و مەمدوێنە..

ژنەکەم سووربوو لەسەر پرسیارەکەی خۆی تا ناچاری کردم کێشەکەمی بۆ بدرکێنم و بڵێم:

– ئەوەی ڕاستی بێت ئەمڕۆم بە ڕۆژێکی گەلێک ڕەش دەزانم..!.

– بۆچی خوانەخواستە چی ڕووی داوە!؟.

– نەخێر شتێکی خراپ ڕووی نەداوە، بەڵکو شتێکی زۆر گرینگ هەیە و لەیادم چووە بەڕادەیەک هەرچەندێک زۆر لەخۆم دەکەم ناکەوێتەوە بیرم..! بۆ ماوەیەکی زۆر دەچێت هەر لەبەرخۆمەوە وڕێنە دەکەم لە پێناوی ئەوەی بکەوێتەوە یادم، بەڵام لە ئەنجامدا هەموو هەوڵدانێکم بێسوود دەرچوون.

کاتێک لە قسەکانم بووەمەوە بە پێکەنینەوە پێی وتم:

– پیاوی چاکبە و بەم جۆرە خۆت سەخڵەت مەکە.. ئایا نازانیت کە نەخۆشیت.؟.

– بەلێ زۆریش نەخۆشم..

– ئێ.. ئەو شتەی کە لەبیرت چووە ئەوەیە کە ئەمڕۆ حەبەکانت قووت نەداوە..

هەرکە ئەم قسەیەی ژنەکەم بیست واقم وڕما و بەتاسا چووم.. لە پاشاندا هاتمەوە سەر خۆم لەپێکم کێشا بەنێوچەوانی خۆمدا و وتم:

– دەک شەیتان بەنەحلەت بێت.. چۆن ئەمڕۆ ئەم شتەم لێ بووە کۆڵی شێر.. بەخوا ڕاست دەکەیت ئافرەت باشت دۆزییەوە.. دەی زوو بڕۆ حەبەکان و گڵاسێک ئاوم بۆ بهێنە...